# مانگرتن بۆ بەدەستهێنانی "دەرماڵە" مانگرتنە بۆ گێڕانەوەی بەشی موچەی نەدراوی کرێکاران‌و کارمەندان


**خەسرەو سایە**

**k.saya@ukonline.co.uk**


مانگرتنی سەندیکای کریکاران‌و کارمەندانی تەندروستی لەسلیمانی بۆ وەرگرتنی بری 150 هەزار دینار مانگانە وەك "دەرمالەی ترسناکی" کەتائیستا چەند رۆژی تیپەراندووە، هاوکاتیش ئینزاری سەندیکای تەکنیکارانی کوردستان بۆ بەریخستنی مانگرتنی هاوشیوە بۆهەمان مەبەست، گۆشەیەك لەبزوتنەوەیەکی فراوان نمایشدەکات کەماوەیەکە بەشە جۆربەجۆرەکانی کریکاران‌و کارمەندانی دامەزراوە حکومیەکانی گرتۆتەوە. لەمبارەوە مانگرتنی سەرپەرشتیارانی نەخۆشخانەکانی شاری دهۆك، مانگرتنی کریکارانی تاسلوجەو مامۆستایان لەشاری سلیمانی وهەولیر.. زنجیرەی جۆلانەوەیەك بۆ سەرفکردنی دەرمالەکان لەم دامەزراوانەدا دەخاتەروو. بەلام ئەوە خۆشخەیالییەکی تەواوە گەر پیمان وابیت ئەم جۆلانەوەیە بۆزیادبوون وبردنەسەری ئاستی کری‌و موچەی کریکارانە، هەرچەندە بەدەستهینانی دەرمالەکان بەروالەت وانیشان دەدات کەبەریژەیەك داهاتی مانگانەی کریکاران‌و کارمەندان دەباتە سەرەوە. لەمبارەوە تیگەیشتن لەپیوەندی نیوان خەباتی کریکاران‌و کارمەندان بۆ بەدەستهینانی دەرمالەکان لەگەل خەباتیکدا کەدەبی بۆ بردنەسەری ئاستی موچەو کری بخریتەری، مەسەلەیەکی گرنگە کەدەبی لەلایەن رابەران‌و هەلسوراوانی جۆلانەوەیەك کەئیستا بۆ باشکردنی ژیانی کریکاران‌و کارمەندان لەئارادایە سەرنجی بدریتی‌و بەرۆشنی ئاستەکانی لیك جیابکریتەوە. حالەتیکی ئاوا بیشك کۆمەك دەکات بەئاسۆدارکردنی مانگرتنەکان‌و نارەزایەتیەکانی ئیستاو گویزانەوەی لە مەوقعیکی دیفاعیەوە بۆ مەوقعیکی تەعەروزیتر..

ئیمە لەم وتارەدا هەولدەدەین کە ناوەرکی خەبات بۆ بەدەستهینانی دەرمالەکان روونبکەینەوەو ئەوە بخەینەروو کە ئەم خەباتە تەنانەت چۆن لەباشترین حالەتی سەرکەوتنیدا هیشتا بەمانای زیادبوونی کری نییە، هەروەها هەولدەدەین باس لەوەبکەین کەچۆن خەبات بۆ بەدەستهینانی دەرمالەکان ئەتوانی ببیتە پیگەیەك بۆ خستنەری بزوتنەوەیەکی فراوان لەپیناو زیادکردنی موچەو کری‌و چەسپاندیان لەئاستیکدا، کەجیگای دلخوازی کریکاران‌و کارمەندانە.

سەرەتا ئەوە بلیین کەباری گرنی ونەبوونی‌و کەمی ئاستی موچەو کری کریکاران لەچاو نرخی پیداویستیەکانی ژیان وهەلاوسانی بەهای کالاکان، هەمیشە حالەتیکی دلەراوکی لەنیو بەشە جۆربەجۆرەکانی کریکاران وکارمەنداندا پیکدینی وناچاریان دەکات کەبەردەوام بەموچەکانیاندا بچنەوەو لەگەل بارودۆخی بازارو بژیودا بەراوردی بکەن، ئەمە یاسایەکی ژیانی کریکاران وکارمەندانە کەهەمیشە لەبەردەم مەترسی هیرش وپەلاماردانی دەسەلاتداران‌و خاوەنکارەکاندان تا نەهیلن لەریگای لیگرتنەوە لەکری وموچەکانیانەوە ئاستیکی نزم بەسەریاندا داسەپیندری. حوکمی دەستدانە مانگرتن‌و نارەایەتیەکانی ئیستا لەم یاسایەوە سەرچاوەدەگری، بەتایبەتی کە دەسەلاتداران‌و خاوەنکارەکان هەمیشە بۆبردنەسەری ئاستی قازانج وسودی سەرمایەکانیان تیدەکۆشن کەژیانی کریکاران وکارمەندان بەنرخیکی کەم‌و هەرزان دووبارە بەرهەمبیتەوە. بەلام خەبات لەپیناو بەدەستیهینانی دەرمالەدا راستەوخۆ خەباتیك نیە بۆ زیادبوونی موچەو کری، بەلکو خەباتیکە بۆ گیرانەوەی بەشی خوراو و نەدراوی کریکاران وکارمەندان کەلەژیر ناوی جۆراوجۆردا راگیراوە ولییان شاردراوەتەوە. بەواتایەکیتر خەبات بۆ بەدەستهینانی درەمالەکان خەباتیکی هەقخوازانەیەو دەبی کریکاران‌و کارمەندان بەهیچ جۆریك پشتی تی نەکەن‌و بەردەوام یەخەی دەسەلات‌و خاوەنکارەکانی بۆبگرن، بەلام لەهەمان کاتدا نابی ئاستی چاوەروانی ئەم خەباتەو نارەزایەتیەکانی کریکاران‌و کارمەندان لەم ئاستەدا بمینیتەوە وپییان وابی تەنها بەوەرگرتنی دەرمالەکانیان ئاستی واقعی کری‌و موچەی ئەوان چوتەسەر لەچاو زەحمەت‌و ماندوبوونیکدا کەکیشاویانە. بەتایبەتی کە پیشرەوی کۆمەلایەتی وچوونەسەری ئیستانداردەکانی ژیان‌و پیداویستی خیزانە کریکاری‌و کارمەندەکان بەردەوام روولەپیشەو ئەوان ناتوانن تەنها لەمانگرتن‌و دەربرینی نارەزایەتیەکانیاندا چاو لەگیرانەوەی بەشەخوراوی موچەو کری کانیان بکەن. هەربۆیە باسی باشبوونی ژیان‌و چوونەسەری دەرامەت دەبی لەروانگەی دابەشکردنی سەروەت‌و داهاتی کۆمەلایەتیەوە لەسەر حسابی کەمکردنەوەی قازانجی سەرمایەو دەسەلاتداران وزیادکردنی ئاستی کری‌و موچەکان سەیریان بکری.. لیرەدا بۆئەوەی ئەم راستیانە باشتر روون ببنەوە، دەبی بچینەسەر باسی موچەو کری رەسمی‌و موچەو کری واقعی وجیاوازی نیوانیان‌و جیگاوریگای دەرمالەکان لەم پەیوەندەدا..

## موچەو کری واقعی ورەسمی وسیاسەتی دابەشکردن لە پیناو لیگرتنەوەدا :

کری‌و موچەی واقعی ئەو برە پارەیەیە کەراستەوخۆ یەکسانە بەدابینکردنی هەموو پیداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی کریکاران‌و کارمەندان لەماوەیەکی دیاریکراوا (بۆنمونە مانگانە وەیا رۆژانەو هەفتانە) لەمبارەوە ئەگەر بەواقعی ناوەندیتی موچەوکری خیزانیکی 5 کەسی بەنمونە وەربگرین، ئەوا دەبی ئەوبرە لەپارە بەناوی موچەو کرییەوە دیاریبکری بۆ ئەو خیزانە 5 کەسیە کە راستەوخۆ بۆبەدەستهینانی کالاکانی پۆشاك‌و خۆراك ومەسروفاتی هاتوچوو کری مانگانەی خانووبەرەو کارەباو سوتەمەنی‌و هەروەها کالاکانی حەوانەوەو هەموو ئەو مەسروفاتانەی کەبۆبواری زەمانەتی تەندروستی‌و فیربوون و.. سەرفدەکرین. بەلام کریکاران‌و کارمەندان لەژیر ناوی "کری وموچەی رەسمی"دا (کرییەك کەبەیاسا لەلایەن دەسەلاتدارانەوە دیاریکراوە) هەرگیز ئەو برە لەپارەیەیان نادریتی کەیەکسانە بەنرخی پیداویستیە واقعیەکانی ژیانیان لەیەك ماوەی بریار لەسەر دراودا. بەلکو بریك لەپارەیان پی دەدری کەیاسا وەیا گریبەستەکانی کار لەلایەن دەسەلاتداران وخاوەنکارەکانەوە دیاریانکردووە. ئەم برەش هەمیشە لەچاو کری‌و موچەی واقعی دا کەمەو ناتوانی یەکسان بیت بەدابینکردنی پیداویستیەکانی کریکاران‌و کارمەندان. بەرادەیەك دەتوانین بلیین کەئەو برە لەکری وموچەی رەسمی کەدەسەلاتداران دایان ناوە زۆر کەمترە لە بری موچە وکری واقعی‌و لەوانەیە زۆرجار نیوە وەیا سی یەك‌و بگرە چارەکی ئەوبرە واقعیەبیت کە بۆ ژیانی کریکاران‌و کارمەندان پویستە. بەلام ئەمە بۆ وایە؟

دابەشکردنی کری وموچە بەناوی کری‌و موچەی رەسمیەوە بەسەر بەشەکانی کری وموچەی براوە (کری وموچە خۆی)، بەشی ئیعالە، خزمەتی کار، تەخەسوس وخیبرەو شەهادە، دەرمالە، بەشی خانەنشینی‌و زەربیەکان.. وادەکا کەدەسەلاتداران هەمیشە کری‌و موچەکان یەککاسەنەکەنەوەو پچر پچر ولەژیر ناوی جیاجیادا بیدەن. حالەتیکی ئاوا چەند سودی بەقازانجی سەرمایەداران وبەزیانی کریکاران وکارمەندان هەیە لەوانە: یەکەم ئەم سیستەمە هەمیشە ئاستی بژیوی کریکاران وکارمەندان لەخوارەوە رادەگری‌و نایەلیت یەکسانبیت بەکری‌و موچەیەك کەپیداویستیە واقعیەکانی ژیانیان دابین دەکات. دووەم چاوەروانی کریکاران وکارمەندان لەبازنەی دەرامەتیکدا دیلیتەوە کە خۆیان دیاریان نەکردووەو دەسەلاتداران بۆیان داناون، تەنانەت ئەگەر بەخەباتی خۆشیان دەولەت ناچاربکەن کەلەسەداسەد هەموو بەشەکانی کری وموچەی رەسمییان پی بدری کەچی هیشتا نەیان توانیوە بگەن بەئاستیك کەلەداهات وبەقازانجی سەرمایەداران کەمبکەنەوە. سیهەم ئەم دابەشکردنەی کری وموچە بەناوی کری‌و موچەی رەسمیەوە خەباتی دیفاعی بەسەر بزوتنەوەی کریکاران‌و کارمەندان‌دا دادەسەپینی‌و هەموو هەول وتوانایان بۆ گیرانەوەی هەقە نەدراوەکانیان ئاراستە دەکات وخەبات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژیوی دەخاتە پرۆسەی هەولەکانی دواترەوە. بەمجۆرە خەباتی کریکاران‌و کارمەندان بۆ بەدەستهینانی

هەر ڕیژەیەك لەدرەماڵەکان، گەرچی خەباتیکی ڕەواو بەرهەقە نابی بەهیچ جۆریك پشتی تیبکری، بەلام هیشتا ئەم خەباتە فاسیلەی هەیە لەخەباتیك کەراستەوخۆ ڕووی لەزیادبوونی کری وبەدیهینانی ئاستیکی بالاتر وخۆشگوزەرانترە لەوەی کە لەئیستادا دیاریکراوە. بەواتایەکیتر خەبات بۆ بەدەستهینانی دەرمالەکان خەباتیکە پیویستە بۆ نزیکبوونەوەی ئاستی کری وموچە لە ڕیژە واقعییەکەیو تەجاوزکردنی کری وموچەی ڕەسمی، کەلەلایەن دەسەلاتدارانەوە دیاریکراوە. بەلام بەدیهینانی ژیانیکی مورەفەهترو بالاتر چوارچیوەیکیتر لەخەباتی کریکاران وکارمەندانی دەویت کەئەویش خەباتە بۆ زیادکردنی ڕاستەوخۆی ڕیژەی کری وموچە، کەپی بەپی لەگەل ئاستی پیشکەوتنی کۆمەلایەتی وچونەسەری نرخی کالاکاندا ئەویش دەچیتەسەرەوە، بەلام چوارچیوەی ئەم خەباتەچییە ولەچ پیوەندیك سەرچاوەدەگری؟

## کرێ وسەرمایە، لە پەیوەندکی پیچەوانەدا :

زۆری سامانو کۆبوونەوەی لەدەستی چینە کۆمەلایەتییەکاندا سەرچاوەی خوشگوزەرانییە، لەکۆمەلگای سەرمایەداریدا سامانی کۆبووەوەوە، بەشیوەی پارە (دراو)و کەلەکەی سەرمایە دەچیتەپیشەوە. بەلام لەبنەرەتەوە سەرچاوەی زیادبوون وکەلەکەبوونی سەرمایە هیزی کاری کریکارانە. بەواتایەکیتر لەکۆمەلگای سەرمایداریدا، داهاتەکان لەنیوان دوچینی کۆمەلایەتیدا بەشیوەی کری وموچە لەدەستی کریکاران وکارمەندانداو بەشیوەی سەرمایە لەدەستی دەسەلاتداران وخاوەنکارەکاندا کۆدەبیتەوە. بەلام دیاریکردنی ڕیژەو ئاستی ئەم دووبەشە لەداهات لەپەیوەندییەکی پیچەوانەدا چوونەسەرو هاتنەخوارەوە بەخۆیانەوە دەگرن. یانی سەرمایە تەنها کاتیك دەتوانی ڕیژەی خۆی بەریتەسەرەوە کە بتوانی موچەوکریی کریکاران وکارمەندان لەخوارەوە ڕابگری. کرێ وموچەش کاتیك دەتوانی بچیتەسەرەوە کەقازانجی سەرمایە بهینیتە خوارەوە. ئەمە قانونیکی بنەرەتی کۆمەلگای سەرمایەداری وسیستەمی کاری بەکرییە کە پیگەی خەباتی چینایەتی لەسەر ڕاوەستاوە. بەلام کریکاران وکارمەندان چۆن دەتوانن قازانجی سەرمایە بهیننەخواەوە تا موچەوکرییان زیادببی وبەمەش ژیانیکی مورەفەهتر مسۆگەربکەن؟ ئەمەیان ئیتر پەیوەندی بەئاستی ڕیکخراوبوونو تەوەقعات لەژیانی هاوچەرخ وسەردەمانیکەوە هەیە کە کریکاران وکارمەندان هوشیارن پیێ. بەواتایەکیتر تاکریکاران وکارمەندان بتوانن خەباتیکی یەکپارچەو ڕیکخراوی خۆیان بەئاسۆو وبالاوە بهێننە مەیدانەوە وڕاستەوخۆ داخوازی بردنەسەری کری بەرزبکەنەوەو بەمجۆرەش فشاربهنن بۆدەسەلاتدارانو خاوەنکارەکان دەتوانن، ئاستیك لەکری وموچە داسەپینن کە یەکسانە بەموچەو کریی واقعی وبەپیوەری ئاستیکی پیشکەوتوو لەژیانی مادی کەبتوانی هەموو پیداویستییەکانی ژیانی مۆدیرن بۆخۆیان وخیزانەکانیان مسۆگوربکات. حالەتیکی ئاوا ڕاستەوخۆ بەشی سەرمایەداران ودەولەت لەقازانجی بەدەست هاتووی سەمایەکان دێنێتە خوارەوەو بەم جۆرەش خەباتی کریکاران دەخاتە جیگاوریگایەکی تەعەروزییەوە. ئەمە ئیتر واوەترە لەخەباتیك کە بۆ گیرانەوەی بەشەکانی کری لەلایەن کریکاران وکارمەندانەوە دەگیریتەبەر. بەلام کریکاران وکارمەندان بۆئەوەی لەم کیشمەکیشەدا بەردەوام ئاستی بژیوی خۆیان ڕوولەسەرەوە ببەن دەبی لەچوارچیوەی خواستێکی ڕۆشندا تەعبیرلەم کیشمەکیشەو ئەم خەباتە بکەن کەڕووی لەزیادبوونی کرییە. لەمبارەوە خواستی "دیاریکردنی لانی کەمی کری وموچەی مانگانەی کریکاران وکارمەندان بەپیی پیداوستی یەکانی خیزانیکی 5 نەفەری وچونەسەری بەپیێ گرانی وهەلاوسانی نرخەکان" وەیان "دیاریکردنی بری 700 هەزار دینار وەك لانی کەمی کریی مانگانە" بۆهەرکریکارو کارمەندك ئەتوانی ئاستی ژیان وگوزەرانی خیزانەکان بباتەسەرەوەو ئاسەوارەکانی نەبوونیو دەستکورتیان کەمکاتەوە. کەوایە ئەوەی زامنی باشبوونی بنەرەتی ئاستی گوزەرانو بژیوییە، مانەوەی خەباتو قەتیسکردنی ئەو نارەزایەتی ومانگرتنانە نییە لەچوارچیوەی داواکاری بۆ گیرانەوەی بەشە نەدراوەکانی موچە کەبەناوی دەرماڵەکانەوە قەرەبۆ دەکرینەوە، بەڵکو خەباتیکی ڕاستەوخۆیە لەپیناو بردنەسەری ڕاستەوخۆی ئاستی کری وموچەدا.. کەوایە تەنها بزوتنەوەیەك دەتوانی ژیانی کریکارانو کارمەندان باشبکات کەڕاستەوخۆ خواستی زیادبوونی موچەو کریی لەسەر حسابی قازانجی سەرمایەدارانو دەسەلاتداران بەرزکردۆتەوە.

## لەدەرماڵەوە بۆ خواستی زیادبوونی کرێ:

ووتمان کەکریکارانو کارمەندان نابی بەهیچ جۆریك دەستیان شلکەنەوە لەمانگرتنو نارەزایەتییەکانیان لەپیناو وەرگرتنی درەمالەکانیاندا، تەنانەت پیویستە هەموو بەشەکانی ئەم خەباتە لەیەك جوولانەوەی هاوپشتیو پشتیوانی سەراسەریدا بۆ گیرانەوەی بەشە نەدراو وخوراوەکانی موچەو کریی کریکاران وکارمەندان بهیننە مەیدانەوە. بەتایبەتی ئەمە گۆشەی خەباتی مەرگ وژیانی ئەوانەو نابی بەهیچ بەهانەیەك شلوێ بکریتەوە. کریکاران وکارمەندان تاکاتیك نەتوانن هەقە نەدراوەکانیان وەربگرنەوەو ئاستی موچەو کریی ڕەسمیان لەئاستی کریی واقعی نزیك بکەنەوە، ناتوانن بچنە قوناغی تەعروزەوەو خواستی بالاتر مەترح بکەن. لیرەدایە گرنگی خەبات بۆ گیرانەوەی دەرمالەکان، چونکە ئەم خەباتە پرۆڤەی خەباتیکی فراوانترە کەڕۆژانە ڕووی لەبردنەسەری داهات وئاستی بژیوی کۆمەلانی کارکردووی کۆمەلگایە. کریکاران وکارمەندان لەخەبات بۆبەدەستهینانی درەمالەکانو هەقی خزمەتو پسپۆری و.. دەتوانن لەدەرگای خەباتیکی واوەتر بدەن کەبەباشبوونی نەوەکانی داهاتوویانەوە پەیوەندی هەیە، ئەمەش تەنها بەو مەرجەوە گرێی خواردووە کەڕیزك لەڕابەرانو هەلسووراوان لەنیو ئەم خەباتەدا ئامادەبن کە واوەتر لەخەباتی ئیستا دەڕوانو تەوەقعاتیکی تریان لەژیانی سەردەمو خەبات لەدژی نەبوونی وهەژاری هەیە. ڕابەرانیك کەلەدلی مانگرتنو ناەزایەتیەکانی ئیستادا پیێ بەپیێ داواکردنی درەمالەکان خەریکن کریکاران وکارمەندان لەبزوتنەوەیەکدا بۆ زیادکردنی کری وموچەکان ئامادە دەکەن، بزوتنەوەیەك کە شیعاری "دیاریکردنی لانی کەمی کری وموچەی مانگانەی کریکاران وکارمەندان بەپیی پیداوستی یەکانی خیزانیکی 5 نەفەری وچونەسەری بەپیێ گرانی وهەلاوسانی نرخەکان" وەیان" دیاریکردنی بری 700 هەزار دینار وەك لانی کەمی کریی مانگانە"ی هەلبریوەو وەك خواستیکی فەوری چاوی لیدەکات.

2006/10/11